


Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library



ناوەندی توێژینەوەو هزریی شەهید ئارام ٢٠١٦

بەڕێوەبەری چاپ‌و بڵاوکردنەوە: سیروان حەمەسەعید
سەرپەرشتیاری زنجیرە کتێبەکان: پێشڕەو محەمەد

ناوی کتێب: بەشداریکردن لە ڕەخنەی فەلسەفەی مافی هێگڵ
ناوی نووسەر: کارڵ مارکس
وەرگێڕانی: پێشڕەو محەمەد
دیزاینی ناوەوە: نومێد محەمەد
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
زنجیرە: (١٣)
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١٦
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٢٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی تاران

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (١٥٠٩)ی ساڵی ٢٠١٦ پێدراوە

Tel: 0533202936 07502216705
email: jamalerfan99@gmail.comer.
peshraw@yahoo.com
facebook: Jamal Erfan's Library

ناونیشان: سلێمانی - کاسۆ مۆڵ - بەرامبەر مزگەوتی گەورە - نهۆمی چوارەم

مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ ناوەندی توێژینەوەو هزریی شەهید ئارام

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکیی:
مارکسی لاو

نووسینی: موحسین حەکیمی[1]

ئەنگڵس دەڵێت، دوای بڵاوبوونەوەی ***جەوهەری مەسیحییەتی*** فۆیەرباخ (لە ١٨٤١دا)، "هەموومان [هێگڵییە لاوەکان] ڕاستەوخۆ بووینە فۆیەرباخیی. بە خوێندنەوەی کتێبی ***خێزانی موقەدەس*** دەتوانن لەوە تێبگەن کە مارکس بە چ جۆش و خرۆشێکەوە پێشوازیی لەم ڕوانگە تازەیە کرد و – وێڕای هەموو سەرنجە ڕەخنەییەکانی – بە چ ڕادەیەک کەوتە ژێر کاریگەرییەوە"[١]. ئەم وێنەیە بۆ دروستبوونی بیری مارکس، کە هەمان وێنەی باو و گشتییە و بەو پێیە مارکس تا ساڵی ١٨٤١ هێگڵیی بووە و لە ١٨٤١ـەوە بۆ ١٨٤٥ (ساڵی

---

[1] بە ڕەزامەندیی بەڕێز موحسین حەکیمی، ئەم نووسینەی بەڕێزیانم لە زمانی فارسییەوە کرد بە کوردیی، کە دەروازەیەکی باشە بۆ زۆرێک لە تێمەکانی ئەم نووسینەی مارکس لە سەردەمی لاوێتیدا، سەردەمی فەلسەفەی ئەڵمانی، بارودۆخی مێژووی جیهان و ئەڵمانیا، هەلومەرجی شۆڕش، و ڕوانگەی سیاسیی مارکس.

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

نووسینی "تێزەکان دەربارەی فۆیەرباخ")[٢] فۆیەرباخیی بووە و تەنها دوای ئەوە بووە کە بووە بە "مارکس"، ئەگەرچی چەند ڕاستییەک لەم وێنەیەدا هەیە، بەڵام بەو شێوازەی ئەنگڵس دەریدەبڕێت، واتا دابڕانی "ڕاستەوخۆ" لە ڕوانگەیەک (ڕوانگەی هیگڵیی) و چوونە باوەشی "ڕوانگەیەکی تازە" (ڕوانگەی فۆیەرباخیی) بەڕادەیەک وێنەیەکی سادە و ساکارانەیە و تەنانەت کێشەییانەشە. یەکەم، مارکس هیچ کاتێک هیگڵییەکی پێرفێکت نەبووە و هەروەها هیچ کاتێکیش نەبووەتە فۆیەرباخییەکی عەیارە بیست و چوار. ئەو بەهۆی جۆری ئاراستەی شۆڕشگێڕیی و گۆڕانخوازییەوە بۆ دونیای دەوروبەری خۆی - کە لەڕێگای چەمکی پراکسیسەوە دەردەبڕدرا - هەر لە سااڵەکانی خوێندکاریی و ڕۆژنامەنووسیی یەکەمی خۆیەوە لە هەمانکاتی "هیگڵیی" یان "فۆیەرباخیی" بوونداسنووری هەم لەگەڵ هیگڵ و

---

[٢] لە کۆتایی ئەم کتێبەدا هەر یانزە تێزەکەم وەرگێڕاوەتەوە و دانراوە کە دەکرێت لەگەڵ ئەم وتارەی مارکس "بەشداریکرن لە ڕەخنەی فەلسەفەی مافی هیگڵ" وەک تەواوکەر سەیربکرێن.

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

هەم لەگەڵ فۆیەرباخدا هەبوو: لەگەڵ هێگڵدا بەو هۆیەوە کە "پراکسیس" [لای مارکس][٢] ناوەرۆکێکی ماتریالیستیی هەبوو و لەگەڵ فۆیەرباخدا لەو ڕوانگەیەوە کە "پراکسیس" پشتی بە چالاکبوونی ئینسان، ئەویش ئینسانی کۆمەڵایەتیی لەڕوانگەی میژوویییەوە کۆنکرێتیی، دەبەست. کەواتە، ناونانی مارکس بە "هێگڵیی" و "فۆیەرباخیی" لەو بڕگەیەی سەرەوەدا تەنها بەو مەرجە جێگای باوەڕە کە ڕەفتار و مامەڵەی تەواو ڕەخنەییانەی مارکس بەرانبەر دیدگاکانی هێگڵ و فۆیەرباخ پیشان بدات. دووەم، مادام بابەتەکە پەیوەندیی بە بیری فەلسەفییەوە هەیە، مارکس بەبێ فۆیەرباخ گەیشت بە ڕەخنەگرتن لە فەلسەفەی هێگڵ و بەرهەمەکانی فۆیەرباخ (بەتایبەت "تێزە سەرەتاییەکان بۆ ڕیفۆرمی فەلسەفە") وێڕای بەهێزکردنی ئەم ڕەخنەیە[ی مارکس لە هێگڵ]، زیاتر زەمینەی چوونی مارکسی بەرەو سۆسیالیزم خۆشترکرد نەک ببێتە هۆی دابڕانی ئەو لە فەلسەفەی هێگڵ. سێیەم، ئەگەر بتوانین باسی خاڵی وەرچەرخان و

---

[٢] ئەم جووت کەوانانە زیادکراوی وەرگێڕن

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library